
# کۆمارێک لێوانلێو لە قەدەر

محەمەد کەساس
(سلێمانی)

سالّ: پەنجا و حەوتی پێش ئەنفال
شوێن: برینێکی قووڵ
کات: لەودیو زەمەنەوە
بابەت: ستەمێک بۆ بوونێکی ستەم

* * *

لەگەڵ گرمەگرمی هەور و
شەستە و ڕەهێڵە و تۆفانا
لەگەڵ ئازارێکی گەورەی
گەنم ڕەنگێکی خەمناکی
پەروەردەبووی ناو بەرداشی
زبری ستەمی ئینسانا
لە شارێکی پڕ حەسرەتی
زەمەنێکی وەیشوومەدا
لەنێو کوختی هەژارانەی
بە ئەمەک و دەردی سەری
ئەو دەمەدا
قەدەرێک هاتە بوونەوە
بەهەموو مانای بوونەوە
ناویان لێنا (حەمە)ی تەنیا
حەمەی تەنیا، بەمنداڵی
دەستی زبر و عەشقی خاک و
خەمی بەدەستهێنانی نانێ
بوونە هاوڕێی
ئازارێک هێندەی فەنابوون، باڵابەرز
هێندەی پەپوولەی قەدەری، ماچی نێوان
دوو سرکەلێو
ناسک بزێو
ئاڵابووە خەمەکانی



شانبەشانی زیکری فێربوون
لەخوێندنگەی کانێسکانا
پەپوولە بوو هەڵدەوەری باڵەکانی
بەدوای خەمی لەتێ نانا
ساڵ هات و ڕۆی
قەدەر لەگەڵ، تەمەنی پڕ لە حەسرەت و
لێوەلەرەی ئاییندەدا، باڵای کرد و
تانوپۆی ئاسۆشی چنی
سات لەدوای سات
ساڵ لەدوای ساڵ
قەدەر چووە ئێسک و مۆخ و
سەراپای دەمارەکانی
قەدەر وەک تیغی هەمەسەر
تەنانەت ڕۆحیشی جنی
ئەمێستاکە قەدەری ئەو
جمکی ئەوەو تێکەڵ بە تەمەنی بووە
تەمەنیش سەرابێکە، ئاییندەی پڕ
لەڕووخان و فەنابوونی یەکجارەکی
لەسەرشانی هەڵگرتووە
لەو ساتەوەی قەدەر بووەتە جمکی ئەو
(سیزیف)ئاسا
چرای ئاییندەی هەڵدەکاو .. دەکوژێتەوە
جارێکی دی هەڵی دەکات
دیسانەوە، دەکوژێتەوە
نە دەتوانێ، ڕابوردووی خۆی بسڕێتەوە
نە دەتوانێ، چراش هەڵکا
ئەمێستاکە، قەدەری ئەو
کەتەیەکی چوارشانەیە و
لەسەر شانی خۆی دەیگێڕێت
کووچە کووچە و هەوراز هەوراز
ئازارێکی بەلەزەتی پێ دەچێژێت ..
حەمەی تەنیا بە منداڵی
لەژێر سایەی کەسەرێکی دووسەرەدا
هاتووەتە بوون
بەژانی مەراقێکی ڕەشتاڵەی باڵابەرز
چاوی هەڵهێنا
ئیدی ئولفەتی بەگریانەوە گرت
لەو سەحەرەی چاوی کردەوە و
سرووتی گریانی دەست پێ کرد
باڵی پەپوولەئاسای
فرینی خەونە ئاڵەکانی
منداڵیی هەڵوەراند
ئیدی لەو دەمەوە
بارانی فرمێسکی لێزمەی دێ
ئەوی بەفر، حەمەی تەنیا
ئەوی شنەی شەماڵ
لەگەڵ ئاگر و ڕەشەبادا
پێکەوە ڕێ دەکەن
نەپێکەوە هەڵدەکەن و
نە لەدووریی یەکدیش دەژین
لەو دەمەوە، بەدووی پارچە وردوخاش بووەکانی
ڕۆحیدا دەگەڕێت
لەنێو ژیلەمۆی ژیانێکی بێهودەییدا
بۆ ئاییندە و چارەنووسی نادیاری
خۆی دەسووتێت
حەمەی تەنیا
بەو تەمەنە کاڵەوە، پێی نایە
قۆناغی پیاوەتی .. بەدەر لە
لەزەتی گەنجێتی
درەختی باڵاشی
تووڕەیی و خەمۆکی گرتبوو
چون لەیەکەم سەحەردا
یەکەم کاسەی ئاوی ژیان کرا بە گەروویا
لێوانلێو بوو لە تووڕەیی
ئیدی لێرەوە بزربوو
هەوری گریان ڕایماڵی و

لەژێر قورسایی (یەئس)دا نغرۆ بوو
گەر ویستتان ببینن، مەگەڕێن
هەورەکانیش مەپشکنن، دڵنیابن ئەوانیش
نابارێن
دەریاکانیش مەگەڕێن، با چۆڕبڕ نەبن
ناو دارستانیش مەگەڕێن، با نەبێتە سەحرا
لە ئاسۆشدا، بۆی مەگەڕێن
با بۆ هەمیشە نەبێتە تارستان
دڵنیابن، نایدۆزنەوە
ئەو خۆیشی بۆ خۆی دەگەڕێت
+ سڵاو ئەی حەمەی تەنیاکە سڵاو
دەزانم بەدیار سیابەختیی خۆتەوە
ئەرشیفی ڕۆژانی عومری خۆت تەی دەکەی
دەزانم لە دەریای خەمێکدای
هانا بۆ لقێکی ڕێگە لێ هەڵەبووی
درەختی ژین دەبەی
ئاییی زەمەن .. لەو ساتەی بەخەیاڵ دەگەیتە
کەنارەکانی ئەوبەری ئارامی
دەسبەجێ شاگەشگە دەبیت و
دەگەیتە ترۆپکی فەنابوون
ڕووبارێک فرمێسک دەڕێژی
بۆ ئەو ساڵانەی تەمەنت
لەبازنەی داخراودا بەباچوون
ڕۆژێک دێ، دەڕۆیت و لەوێندەر
لەکەنار دەریایەک، نەوڕەسی غەریبیت
هێلانەی ئەبەدی چێ دەکا و چاوبڕکێ
لەگەڵ شەپۆلە هێمنەکانی دەریا دەکات
باڵی لێک دەدا و تا چاویش هەتەرکا
شەپۆلەکانی سەر دەریا ماچ دەکات و
خۆی بە ئەوینیان تەڕدەکات
لەوێ، لەکەنار ڕووبارێک
کەناریی ئەوینت
سەر لقی درەختێک دەکاتە نیشتمان
لەگەڵ خوڕە و هاژەی ئەودا
لەیەکدی دەئاڵێن، دەکەونە ڕامووسان
لەوێ، لەسەر شۆستەی شەقامەکان
ئاسمانێک نیگا هەڵدەخەیت و
شیعری جوان و شیعری جوان و شیعری جوان
بەردەمت گوڵباران دەکەن
ئەوانیش قولاپی نیگایان
بۆ ڕۆحی شەکەت بووت هەڵدەدەن
لەوێندەر، لەپارکێک
بە کێویێک ورەوە
زەمین ڕادەخەیت و
بە ئاسمانێک ئومێد خۆت بان دەدەیت
لەوێ، لەگەڵ شەقامەکان
لەگەڵ شنە و سروەی بەیان
دەست لەملانێی یەکدی دەبن
بۆ یەک دەژین، بۆ یەک دەمرن
لێرە، جەستەت شەکەت و ڕۆحت قورس و
ترپەی دڵت نائاسایی
لەوێ، بارانی پاکبوونەوە
گوناهەکانی ئێرەت دەشواتەوە
لێرە، ڕۆحت بەسێدارەی ئازادییەوە
هەڵدەواسرێ
لەوێ، شیعرت دەبێتە ویردی سەرزاران
لێرە، عەشقت
وەک هەتیوی بێ داک و باب
لەسەر شۆستەکان کەوتووە
لەوێ، لەکەنار دەریایەک
ئاسمانێک ئەوین ڕادەخرێ!!..